ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**هەولێر**
2015/5/17

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بۆ مسۆگەرکردنی زیاتری سەربەخۆیی دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق و، لە پێناوی پشتگیری کردنی دەسەڵاتەکانی و، بۆ چەسپاندن و بەهێزکردنی رێکارەکانی رێگەگرتن لە گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی و، بڵاوکردنەوەی چەمکی دەسپاکی و شەفافیەت و لێپرسینەوە لە دەزگاکانی کەرتی گشتی و تایبەت، ئەم یاسایە دانرا.

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیاری ژمارە (9)ی ساڵی 2015**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (1)ی ماددەی (10)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (9) لە 21/ 2015/4 بریارماندا بەدەرکردنی:

**یاسای ژمارە (5)ی ساڵی 2015**
**یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستان ـ عێراق**
**بەشی یەکەم**

**ماددەی (1):**

مەبەستی ئەم یاسایە لەم دەستەواژە و زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم:** حکومەت: حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم:** پێکهاتەکان: کۆمەڵە نەتەوەییەکان (تورکمان ، کلدانی سریانی ئاشوری و ئەرمەن) و کۆمەڵە ئایین و ئاینزاکان (مەسیحی ، ئێزیدی ، سابیئەی مەندائی ، کاکەیی ، شەبەك ، فەیلی ، زەردەشتی و هی دیکە) کە هاوڵاتی کوردستانی عێراقن.

**ماددەی ( 2 ):**

حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر گشت هاوڵاتیانی کوردستان ـ عێراق کە لەو پێکهاتانەن پیادە دەکرێت.

**بەشی دووەم**

**ماددەی ( 3 ):**

دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق یەکسانی تەواو و کاریگەر بۆ پێکهاتەکان مسۆگەر دەکات:

**یەکەم:** حکومەت مافی یەکسانی و هاودەرفەتی لە ژیانی سیاسی، رۆشنبیری، کۆمەلآیەتی و ئابووری لە رێگەی یاسا و سیاسەتی کاریگەر بۆ ئەو تاکەی سەر بە پێکهاتەیەکە مسۆگەر دەکات ، هەروەها مافی بەشداری کردنیان لە وەرگرتنی ئەو بڕیارانەی تایبەتە بە خۆیان مسۆگەر دەکات.

**دووەم:** سەرجەم شێوەکانی جیاکاری دژی هەر پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکانی کوردستانی عێراق قەدەغە دەکرێت و، سەرپێچیکار سزا دەدرێت بە پێی یاسا بەرکارەکان.

**سێیەم:** قەدەغەکردنی هەر بانگەشەیەکی ئایینی، یان سیاسی، یان راگەیاندن، بە تاك یان بە کۆمەڵ، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ،بۆ رقوقینە یان توندوتیژی ، یان تۆقاندن،یان دوورخستنەوە و پەراوێزخستن،کەوا لەسەر بنەمای نەتەوەیی،یان ئەتنی،یان ئایینی، یان زمانەوانی بیناکرابێت.

**چوارەم:** رێگە گرتن لە هەر رەفتارێك یان هەر سیاسەتێکی نەرێنی کەوا ببێتە هۆی گۆڕینی بارودۆخی رەسەنی ئەو ناوچانەی پێکهاتەیەکی دیاریکراو تیایدا نیشتەجێن و، رێگەگرتن لە هەر بە خاوەنبوونێك کەوا ئامانجی یان ببێتە هۆی گۆڕانکاری دیمۆگرافی بۆ مۆرکی مێژوویی و شارستانیەتی ناوچەیەکی دیاریکراو، بە هەر هۆیەك بێت و لە ژێر هەر پاساوێك بێت.

**پێنجەم:** چارەسەرکردنی زێدەڕۆیی ئەنجامدراو لەسەر ناوچەکانی هەر پێکهاتەیەك و گەڕاندنەوەی بارەکە بۆ حاڵەتی پێش روودانی زێدەڕۆییەکە و، نەهێشتنی ئەو ئاسەوار و پاشماوانەی بوونەتە

، یان دەبنە هۆی گۆڕانکاری دیمۆگرافی، یان قەرەبووکردنەوەیان لە حاڵەتی ئەستەمی گەڕاندنەوەی بارەکە بۆ حاڵەتی پێشووی.

**شەشەم:** لەکاتی دیاریکردنی سنووری یەکە کارگێڕییەکان و بازنەکانی هەڵبژاردن و، لەکاتی دانانی پلانی گەشەپێدانی ئابووری و پەرەپێدانی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوونی شارەدێیی و لادێیی، هەروەها پاراستنی ژینگە، حکومەت بارودۆخی خۆجێیی، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و نەریتە چەسپاوەکانی پێکهاتەکانی ئەو ناوچەیە لەبەرچاو دەگرێت.

**حەوتەم:** حکومەت کار دەکات لەسەر هاندانی گەڕانەوەی ئەو کەسانەی سەر بە پێکهاتەکانن و لەوانەی پێشتر دانیشتوانی کوردستانی عێراق بوون و ناچاری کۆچکردن بوون و، مسۆگەر کردنی مافە شایستەکانیان.

**هەشتەم:**

1ـ حکومەت پابەند دەبێت بە پارێزگاری کردن لە زمانی دایک ، لە ڕێگەکانی مسۆگەرکردنی فێربوونیان ، ڕۆشنبیربوون و بەڕێوەبردنی کەناڵی ڕاگەیاندنی تایبەت بەخۆیان.

2ـ حکومەت کردنەوەی بەشی تایبەت بە زمانە نەتەوەییەکانی پێکهاتەکان لە زانکۆکانی کوردستان و، دامەزراندنی ئەکادیمیای زانستی زمانەوانی تایبەت بە خۆیان بەپێی پێویستیان مسۆگەر دەکات.

**ماددەی ( 4 ):**

**یەکەم:** هەر تاکێك مافی هەیە ناسنامەی ئایینی خۆی ئاشکرا بکات و، ناسنامەی نەتەوەیی بپارێزێت، کە ئەندامبوونی بە پێکهاتەیەکی دیاریکراو دەبەستێتەوە و، ئەم مافەش تەنها تایبەتە بە تاکەکەس و هیچ لایەنێك مافی نییە لێی بسەنێتەوە.

**دووەم:** هەر پێکهاتەیەك بە یەکسانی لەگەڵ زۆرینە بۆی هەیە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی بە ئازادی بیرکردنەوە، ئازادی ڕادەربڕین ، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ئازادی کۆبوونەوە و دامەزراندنی کۆمەڵە و ڕابیتەکان و ئازادی پیادەکردنی بیروباوەڕی ئایینیشەوە پیادە بکات و، حکومەت پابەند دەبێت بە پاڵپشتیکردن و چاودێریکردنی ئەو پیادەکارییانە بەشێوەیەکی یەکسان لە نێوان پێکهاتەکان بەپێی یاسا بەرکارەکان.

**سێیەم: هەر پێکهاتەیەك مافی گوزارشتکردنی هەیە لە رۆشنبیری و نەریتەکانی خۆی و، حکومەت پابەند دەبێت بە پاراستنی کلتووری رۆشنبیری و ئایینی پێکهاتەکان.**

**چوارەم: ئەو تاکانەی سەر بە پێکهاتەیەکی دیاریکراون، بۆیان هەیە ناوەکانیان بەویستی خۆیان هەڵبژێرن و، ناوی سومبول، یان کەسایەتییە مێژووییە گرنگەکانیان، یان رووداوی گرنگ کە بەسەریاندا تێپەڕیوە بەکاربهێنن و، ناوی کەسایەتییەکانیان لەناونانی شەقام، گەڕەك، گۆڕەپان و شوێنی دیکە لە ناوچەکانیان بەکاربهێنن، بەپێی یاسا بەرکارەکان.**

**پێنجەم: پێکهاتەکان مافی پشووی تایبەت بە خۆیان لە بۆنە نەتەوەیی و ئایینیەکان هەیە و، ئەو پشوانەش بۆ ئەوان فەرمی دەبن.**

**ماددەی ( 5 ):**

**دەستە، رێکخراو، نوێنەرایەتی پێکهاتەکان ، شوێنەکانی پەرستنی مافی هاوبەندی ، گەیاندنی پەیوەندی رۆشنبیری، فێرکاری و کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانیان هەیە لەگەڵ ئەوانەی لە تایبەتمەندی ئەتنی، یان ئایینی و نەتەوەیی هاوبەشن لەگەڵیاندا لە ناوەوە و دەرەوەدا بەپێی یاسا بەرکارەکان و، لە حاڵەتی هەڵسانی حکومەت بە بەستنی پرۆتۆکۆلاتی نێودەوڵەتی، یان هەرێمیی تایبەت بە پێکهاتەکان ، بەشداری کردنیان تیایدا مسۆگەر بکات.**

**ماددەی ( 6 ):**

**بۆمسۆگەر کردنی مافی پێکهاتەکان:**

**یەکەم: مافی بەشداری کردنیان هەیە لە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنی هەرێم بەپێی یاسا بەرکارەکان.**

**دووەم: لەو ناوچانەی کە چڕی دانیشتوان پێك دەهێنن، مافی بەشداری کردنیان هەیە لە بەڕێوەبردی دامودەزگا حکومی و ئیدارییەکان، بەپێی یاسا بەرکارەکان.**

**بەشی سێیەم**

**ماددەی ( 7 ):**

**کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.**

**ماددەی ( 8 ):**

**پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**ماددەی ( 9 ):**

**ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.**

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**
2015/5/17

**هۆیە پێویستکارەکان**

**لە پێناو پاراستن و دەستەبەرکردنی مافە سیاسی ، مەدەنی ،کۆمەڵایەتی ، رۆشنبیری و ئابورییەکانی پێکهاتەکان بەپێی یاسا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و، بۆ چەسپاندنی گیانی رێزگرتن و لێبوردەیی و، پێکەوە ژیان لە نێوان هاوڵاتیانی کوردستانی عێراق ، ئەم یاسایە دانرا.**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**
**مێژووی بڕیار:** 2015/5/20

**بڕیار**
**ژمارە (** 4 **)ی ساڵی** 2015